سەدر لەبارەی سوتاندنی قورئانی پیرۆز لەلایەن ژنە بەربژەرێکی کەماریەکان بە کۆنگرەسی ئەمریکا هاتەدەنگ

موقتەدا سەدر، سەرکی رەوتی نیشتمانیی شیعە لە راگەیەندراوێکدا سەبارەت بە سووتاندنی قورئانی پیرۆز، لەلایەن ژنە بەربژەرێکی کەماریەکان بە کۆنگرەسی ئەمریکا لە ویلایەتی تەکساس رایگەیاندووە، "جارێکی دیکە رەژئاوا رق و کینەی خۆی بەرامبەر بە ئایینی ئاسمانیی ئیسلام رادەگەیەنێت."

سەدر دەڵێت، "ئەمە جێگای سەرسوومان نییە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و سەرسوومانە، بەدەنگیی هاوتا ئاینییەکانمانە کە ئایینە ئاسمانییەکانیان خۆشدەوێت، سەبارەت بەم کارە تاوانکارییە شەرمەزارکەرەی رق و کینە و پشێلکردنی هەست و باوەڕی ملیۆنان کەس."

بە بەوای موقتەدا سەدر، "ئەم بەدەنگییە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دوورە لە (سامی بوون؛ زاراوەیەکە بە دژە جوولەکایەتی دەگوترێت، وەک گرووپێکی رەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی)، ئەگینا تاوانێکی جیهانی لەخۆشنەبوو دەبوو کە دەزگا رەژنامەوانی و نامرەفەکانی دەلەرزاند."

سەدر دەپرسێت، ئایا لەئامەزگرتنی ئایین جەرێکی ئازادی نییە؟ هەرشکردنە سەر ئایینەکان جەرێک لە

سەرکوتکردنی ئازادی ئایین و باوەڕ نییە؟

سەرکی رۆوتی نیشتمانیی شیعە پێی وایە، خوا "درێی ئازادی و دیموکراسی بەباکانێی" وەاتانی ڕژئاوای ئاشکرا کردووە و نووسیویەتی، دیموکراسییەکە بە دوو پۆوەر بەکاردەهێنن، "هەرچی دژی تە بەت حەرام قەدەخەیە و هەرچی دژی ئەوانە بەت کە بە دوژمنی خەتیان دەزانن حەڵاڵە. هەرچی لە بەرژەوەندیتاندا بەت ئەرکە، هەرچی لە بەرژەوەندی ئەو کەسانەدا بەت کە دژایەتییان دەکەن، تیرەر و دیکتاتەریەت و دواکەوتوویە."

لەکەتاییدا موقتەدا سەدر ئاماژەی بەوە کردووە، "ئەوە ئەی دواکەوتووەکان، گومەزە ئاسنینەکانتان هیچ سوودەکی بە ئەوە نابەت، کاتەک سزای ئاسمانیتان بە دەت، کەواتە چاوەڕوان بن، چونکە منیش چاوەڕوانم."